# بەشداری نۆینەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە سویسرا لەکۆبونەوەی ریکخراوی چەپی سویسری { بزوتنەوە لە پیناوی سۆسیالیزمدا}

بە مەبەستی ناساندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق و فراوان بوونەوەی کارو هەلسورانی لە دەرەوەی وولات، ئیوارەی 12.12.2006 هۆشیار قادر ئەندامی نۆینەرایەتی کۆنگرە لە سویسرا بەشداری کرد لە کۆبونەوەی { بزوتنەوە لە پیناوی سۆسیالیزمدا } لە شاری فریبۆرگی سویسرا.

هۆشیار قادر لەو کۆبونەوەیەدا بە دریژی لە سەر وەزعی سیاسی عیراق و کوشت وبریک کە دەکریت لە دژی خەلکی عیراق لە لایەن هیزە داگیرکەرەکانی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی یەوە، قسەو باسی کرد.

هەروەها قسەی لە سەر فەشەلی ئەمەریکا کرد،پاش دەرچونی راپۆرتی {بیکر_ هاملتۆن}

و توندو تیژبونەوەی شەر لە نیوان بالەکانی ئیسلامی سیاسی سونی و شیعی.........هتد

کە لەم نیوەشدا تەنها جەماوەری عیراقە کە یەکەمین قوربانی یە.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم وەزعە و لە پیناوی دامەزراندنی دەولەتیکی عیلمانی ومۆدیرن کە هیچ کە سیک جیاوازی نەکریت لە سەر میللەت،رەگەز،مەزهەب........هتد

کۆنگرە هیزی چەکداری دامەزراندووە بۆ پاریزگاری لە شوینی کارو ژیانی خەلک لە دژی کارە تیرۆریستی یەکانی ئیسلامی سیاسی، وە بۆ دەرباز بوون لەم وەزعە تەنها

دامەزراندن و پتەو کردنی کۆنگرەی ئازادی عیراقە لە باقی وولاتان هەروەک و ئەوەی کە ئیستا هەیە لە ولاتانی ژاپۆن وئەمەریکاو کۆریای باشور فیلیپین وئەندۆنوسیا.........هتد

بۆ ئەم مەبەستە هۆشیار قادر داوای لی کردن کە ئەوانیش وەک هیزیکی چەپ لە کۆنگرەدا بەشداربین و بەهیزی بکەن چونکە خەلکی عیراق لە هەموو کاتیکی تر ئیستا پیویستی بە هاوپشتی نیونەتەوەیی هەیە.

وەلامی ئەندامانی بزوتنەوە لە پیناوی سۆسیالیزم دا ئەوە بوو کە پیوستیان بە ناسینی کۆنگرە زیاتر هەیە لە ریگای نوسینەکانیانەوە و لە مانگی جانیوەری 2007 دا جاریکی دیکەش لەگەل هۆشیار قادر کۆدەبنەوە.

**نوینەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە سویسرا**

2006/12/14